هەواڵ

لەشاخ بەردەبێتەوە گیان لەدەست دەدات

رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٧ وڵاتی (ن،ع،م) کە دانیشتووی گوندی زەنگانی سەر بەقەزای رانیەیە، بەمەبستی چنینی قارچک و ڕێواس دەچێت بۆ شاخی زێرنە کێو و لەشاخ بەردەبێتەوەو بەهۆی بەرزبوونی شاخەکە بەسەختی بریندار دەبێت هەروەها بەهۆی سەختی شاخەکە ماوەیکی زۆر دەخایەنێت تاکو هاوڕێکانی دەری دەهێنن پاشان دوای دوو کاتژمێر ململانێ لەگەڵ مەرگدا گیان لەدەست دەدات

لەسۆران (TNT) بەماڵێکدا دەتەقێتەوە

شەوی/٢٣/٢٤-٥- ٢٠٠٧ لەماڵی وڵاتی (ع،ڕ) بڕێکی زۆر مادەی (TNT) لەماڵەکەیدا دەتەقێتەوە، جێگەی باسە کە لەم رووداوە جگە لەزەرەری مادی خۆشبەختانە زەرەری گیانی بەدواوە نەبوو بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵەکە هۆکاری ئەم رووداوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە لە نێوان (ع،ر)و ماڵی ماڵی وڵاتی (ن،ح).

بەهۆی هێنانی ژنی دووەم شەڕو ئاژاوە دروست دەبێ

وڵاتیەکی تەمەن شەست ساڵ بەناوی (ف،ع) کەخەڵکی گوندی شێنێ دەڤەری پشدەرە، بریاردەدات تاکو ژنی دووەمی بهێنێت. ناوبراو دوای دەست نیشان کردنی ژنی دووەم کەتەمەنی چل و شەش ساڵەو دانیشتووی ناحیەی ژاراوەیە، لەکاتی مارەکردنی لەشەوی ٢٣-٥-٢٠٠٧ کورەکانی (ف،ع) لەگوندی شێنێ هێرش دەکەنە سەریان و لەئەنجامدا شەرووپێک دادان لەنێوان ئەوان و ئامۆزای ژنەکە کەناوی (م،ق) دروست دەبێت و بریندارەدبێت دوای ئەوەی کەپۆلیس کورەکانی (ف،ع) دەستگیر دەکەن هەواڵەکە دەگاتە ژن و کچەکانی (ف،ع)و لەئاکامدا ئەوانیش هێرش دەکەنە سەر ماڵی برایێکی ژنەکە بەناوی (آ،ر) دەستی خۆی و دوو منداڵی دەشکێنن.

لاوێک خۆی دەکوژێ

شەوی ٢٧-٥-٢٠٠٧ لەگەرەکی دیانەی کۆن، سەربەقەزای سۆران لاوێکی تەمەن بیست و سێ ساڵ بەناوی (ع،ئا) کە کاسبکاربووە، بەهۆی شوکردنی خۆشەویستەکەی بەکەسێکی دیکە و نارەزای دەربڕینی کەس و کاری کچەکە بەشوکردن بەناوبراو، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوبراو تووشی کێشەی دەرونی بێت و بەفیشەک لەخۆی بدات و کۆتای بەژیانی بهێنێت.

لەسۆران TNT پوچەڵ دەکرێتەوە

رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٧ لەناو بازاری سۆران، لەناو ئاوەرۆیەکدا گوللە قازیفەیەک کەپڕبووە لەمادەی TNT بۆ تەقاندنەوە دانرابوو، دەدۆزرێتەوەو لەلایەن پۆلیسی ئەو ناوچەیە پوچەڵ دەکرێت. جێگەی باسە ئەم شوێنە کە گوللە قازیفەکەی تیا دۆزراوەتەوە ناوەندی بازاری سۆرانەو بەم مەبەستەش چەندین کەس دەستگیرکراون کەجێگەکی گومانن و لەژێر لێکۆڵینەوەدان.

بەراز دەڤەری باڵەکایەتی هەراسان دەکا

بەهۆی بڵاوبوونەوەی بەرازێکی زۆر لەدەڤەری باڵەکایەتی، کەبوونەتە هۆی گەیاندنی زەرەری مادی بەجوتیارانی ئەو دەڤەرەو وە زەرەرێکی زۆریان لەرەزو باخەکانی ئەو دەڤەرە داوە، خەڵکی ئەم ناوچەیان هەراسان کردووە، جێگای باسە کەبەهۆی قەدەغەکردنی ڕاو و کوشتنی ئاژەڵ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان جوتیاران رەخنە لەحکومەت دەگرن، بۆ ئەوەی حکومەت ئامادە نیە تاکو قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانەیان بۆ بکاتەوەو جوتیاران داواکارن کە حکومەتی هەرێم رێگە چارەیەکی گونجاو بگرێتەبەر بۆ ئەوەی کە باخ و رەزی ئەو دەڤەرە بپارێزرێت لەم جۆرە رووداوانە.

دووپشک کچێکی تەمەن شەش ساڵانە دەکوژێ

کچێکی تەمەن شەش ساڵ بەناوی (قومری محمد) دانیشتووی کۆمەڵگەی شکارتەی سەر بەناحیەی سەروچاوەیە، رۆژی ٢٧-٥-٢٠٠٧ دووپشک پێوەی دەدات و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی رانیە گیان لەدەست دەدات، جێگای باسە کەلەم وەرزەدا دووپشکێکی زۆر سەری هەڵداوەو بووتە جێگای نیگەرانی وڵاتیانی ئە دەڤەرە.

پرۆگرامێک نارەزایی لێ دەکەوێتەوە

لەکاتی وەرگرتنی بڕوانامەی فێرکارانی فێرگەی رەنجدەرانی سەرەتایی لەرانیە، لەلایەن مامۆستا (س،ڕ) پرۆگرامی نوێژکردن بەسەر ئەو فێرکارانە دابەشکراو ئەمەش بووە هۆی نارەزای مامۆستاو فێرکارانی ئەو فێرگەیە، دوای ئاگادارکردنەوەی بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی رانیەی، بێ ئاگایی خۆی لەم رووداوە نیشان داو ئاماژەی بەوەدا کە ئەم هەڵسووکەوتانە بەهیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکرێ و دەبێت بەدوا داچوونی بۆ بکرێت، هەروەها ناوبراو ئاماژەشی بەوەدا کەرەنگە ئەم کارە بەمەرامی سیاسی، دەستی رێکخراوێکی لەپشتەوە بێت.

پردی سەرحە دەتەقێندرێتەوە

کاتژمێر ٢،٣٠ ی رۆژی شەممە،٢-٦-٢٠٠٧ پردی سەرحە یەکێک لە گەورەترین پردەکانی سنوری چیای حەمرین، لەلایەن تیرۆرستانەوە تەقێندرایەوە سەرچاوەیەک لەپۆلیسی دوزخورماتوو پێی راگەیاندین کەبەهۆی ئەو زەرەرە گەورەی لەپردەکە دراوە پێ دەچێت چەندین بۆمبی بۆ دانرابێت هەروەها سەچاوەکە ئەوەشی راگەیاند: توانیویانە پێنج بۆمبی دیکە پوچەڵ بکەنەوە کەبەمەبەستی تەقینەوە بۆ ئۆتۆمبیلی هاوڵاتیان و پۆلیس دانراوە جێگەی باسە کە ئەو پردە دەکەوێتە سەر رێگەی قەزای دوزخورماتوو و چیای حەمرین.

جێگری سەرنووسەر و سکرتێری نووسینی رۆژنامەی ئاسۆ دەست لەکاردەکێشنەوە

لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت و نەزانراودا سەر لەئێوارەی رۆژی هەینی، رێکەوتی ١-٦-٢٠٠٧، جێگری سەرنووسەر و سکرتێری نووسینی رۆژنامەی ئاسۆ دەستیان لەکارکێشایەوە. بەگوێرەی زانیاریەکان لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی رۆژنامەکەدا، مەهدی ئەبوبەکر جێگری سەرنووسەر و ئاودێر شێخ عومەر سکرتێری نووسینی رۆژنامەکە بەفەرمی دەست لە کارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش کردووەو رایان گەیاندووە کە ئەوان چیتر ناتوانن لە ستاڤی رۆژنامەکە درێژە بە کارەکانیان بدەن. دەست لەکارکێشانەوەی ئەو دوو کەسە دوای گفتوگۆیەکی درێژ لەنێوان ئەوان و سەرنووسەری رۆژنامەکەدا هاتووە و دواتریش لەلایەن ستران عەبدوڵڵای سەرنووسەری رۆژنامەکە و سەرۆکی دەزگای خەندانەوە پەسند کراوە.جێی ئاماژەیە رۆژنامەی ئاسۆ لەلایەن دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی بە وەشانی خۆی کردووە، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق و هێزە هاوپەیمانەکان هاوکاری دارایی پێشکەش بە دامەزراوەی خەندان دەکەن،، لە ٨ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦یشەوە رۆژنامەی ئاسۆ بەشێوەی رۆژانە چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

کۆمپانیایەک سەرپێچی لەسەر زەوی دراوسێکەی دەکات

خاوەن خواردەمەنی ماکدۆنالڵ بەشێکی لەچێشتخانەکەی داوە بە دکتۆر تەها ئەویش کردوویەتی بەکۆمپانی گەشتوگوزار بەناوی پالینا بەپێی ئەو زانیاریەی دەست رۆژنامەی رۆژی گەل کەوتووە بەبێ پرسی بەشی تەجاوزاتی شارەوانی کراوە ئەم کێشەیە تائێستا بەردەوامەو بەپێی زانیاریەکان ئەو شوێنە شوێنی دانیشتنی خێزانی بووە، بەڵام بەبێ مەرجی یاسایی کراوە بەکۆمپانیای نابراو، بەهۆی ئامادەنەبوونی (سلێمان قەساب) خاوەنی مەکدۆنالڵ سەفەری بۆ ئەوروپا نەمانتوانی زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە وەربگرین، جێگەی باسە کە بەشی تەجاوزاتی شارەوانی بۆ چەندین جار ئەوانیان لەو مەسەلەیە ئاگادار کردووە بەڵام تائێستاکە ئەو کێشیە وەکو خۆی ماوەتەوە.

رێژەی ٢٣% ی خەڵکی کوردستان پێیان وایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ کەرکوک دەگەڕێتەوە سەر هەرێم

لەراپرسییەکی پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان کەلەنێوان رۆژانی ٢٣-٥/٢٥-٢٠٠٧ لەهەر سێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک بەرێوەچووە، دەرکەوتووە کە تەنیا ٢٢،٨٥% پێیان وانوایە کە ماددەی ١٤٠ کەتایبەتە بە رەوشی کەرکوک و ناوچەدابراوەکانی دیکە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ بەڵام، ٤٧،٣٠% پێیان وایە کە ماددەی ١٤٠ دوادەخرێ بەهۆیەشەوە کەرکوک و ناوچەدابراوەکانی دیەک لەساڵ ٢٠٠٧ بۆ سەر هەرێمی کوردستان ناگەڕێنەوە

بەگوێرەی ئەو راپرسییەی کە پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان ئەنجامی داوەو سەبارەت بەئەگەری گەرانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان وروژاندویەتی رێژەی ٢٩،٨٥% بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە. ئەمەش نیشانەی نیگەرانی لەلای خەڵکی کوردستان سەبارەت بە سۆزو بەڵێنەکانی دەوڵەتی ناوەندی دروست دەکات .

هەرچەندە بەرپرسانی کوردستان و بەغداد دووپات دەکەنەوە کە ماددەی ١٤٠ لە کاتی خۆی جێبەجێ دەکرێ، بەڵام کوردستانیان بە گومانەوە لەو قسانە دەوانن.

بارانێکی ناوەخت گەرمیان نۆژەندەکاتەوە

لەیەکەمین کاتژمێرەکانی رۆژی ٢-٦-٢٠٠٧ بارانێکی ناوەخت خەڵکی گەرمیانی دڵخۆش کرد

دوای ئەوەی ماوەی هەفتەیەک زیاتربوو کە تۆزو گەردەلوولی خۆڵاوی گوندو شارۆچکەکای گەرمیانی هەراسان کردبوو, کەچی لەدەسپێکی رۆژی ٢-٦-٢٠٠٧ بارانێکی ناوەخت وەک دیاری دابارى و دەڤەرەکەی نۆژەن کردەوە

جێگەی ئاماژەیە کە بەدەگمەن لەمانگی حوزەیراندا لە دەڤەری گەرمیان باران دەبارێ،

هەرچەندە جوتیاران بە گومانەوە لە بارانی کۆتایی بەهاردەڕوانن و بەزیانمەندی دەناسن بەڵام ئەم بارانە ناوەختەی کە لەگەرمیان باری دڵی هەموو کەسێکی خۆشکردو کۆتایی بەتۆزو گەردەلوولی خۆڵاوی هێنا.

شارەوانی سلێمانی ١٨٠ کرێکاری بەنگلادشی دێنێ

بەپێی گرێبەستێک لەنێوان سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و کۆمپانیای دوئاب ئەسەد، کۆمپانیای ناوبراو ١٨٠ کریکاری بەنگلادشی ناردووە بۆ بەشی ژینگە پارێزی شارەوانی سلێمانی بۆ پاکوخاوێنکردنەوەی شەقامەکانی شاری سلێمانی.

کوردانی زانکۆی پەروەردەیی تەورێز، " سەنتەری ڕۆژ " دادەمەزرێنن

مانشێت نیوز: خوێندکارانی کوردی زانکۆی پەروەردەیی مامۆستایی ئازەربایجان لە تەورێز پاش هەولێکی زۆر توانیویانە مۆڵەتی دامەزراندنی ناوەندێکی کەلتووری-کۆمەڵایەتی بە ناوی "سەنتەری ڕۆژ" لە بەرپرسانی زانکۆ وەرگرن.

سەرەڕایی بوونی هەژمارێکی بەرچاوی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی پەروەردەیی مامۆستایی تەورێز (تەربیەتی موعەلیمی ئازەربایجان، تەورێز) تا ئێستا هیچ چالاکیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی کوردی لەم زانکۆیە و بە هۆی نەبوونی دامەزراوەیەکی خوێندکاری کوردی ئەنجام نەدراوە، بەوهۆیەشەوە بەرپرسانی زانکۆ رێگەیان بە فێرخوازانی کورددداوە "سەنتەری ڕۆژ" دابمەزرێنن.

بە گوێرەی زانیاریەکان "سەنتەری ڕۆژ" کە ناوەندێکی کەلتووری-کۆمەلایەتیە و لقێک لە ئەنجومەنی شیعر و ئەدەبی زانکۆیی تەربیەت موعەلیمی تەورێزە هەوڵ دەدات:چالاکی کەلتووری پێک بێنێت، کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد لە بوارەکانی جۆربەجۆر دا بانگهێشت بکات گۆڤار و بلاوکراوەی خوێندکاری بە چاپ بگەیێنێ شەوی شیعری کوردی بەرێوەبەرێ

رێورەسمگەلێک وەکو ساڵرۆژی هەڵەبجە و هی دیکە بەرێوەبەرێ عەبدوڵرەحیم قادری، شەمسی محەممەدی، سلێمان کارەسوولی، یونس محەممەدی"ش لە بەرپرسانی سەنتەری رۆژن و بە هۆی سەرقاڵی خوێندکاران بە ئەزموونەکانی کۆتایی سال، هەلبژاردنی بەرپرسان، کۆبوونەوەی گشتی، هەلبژاردنی شۆرایی بەرێوەبەری و ئەساسنامە و کارەکانی دیکە بۆ نیوساڵی یەکەمی وەرزی خوێندنی داهاتوو، دواخراوە.

هەواڵی سەیر

* کاتژمێر(٧)ی ئێوارەی رۆژی ٢٥-٥-٢٠٠٧ لەچەمچەماڵ خوێندکار(رەوەز ستار) لەکاتی یاری کردنی تۆپی پێ لەیاریگای چەمچەماڵ گیانی لەدەست دا، ناوبراو خوێنکاری پۆلی سێیەمی ناوەندییەو مافی بەشداری کردنی پێ دراوە، ئەو رۆژە لەگەڵ دوو براو چەند هاورێیەکیدا یاری تۆپی پێیان کردووەو لەناکاو جەڵتە لێی داوەو هەر لەگۆرەپانەکە کۆچی دوایی کردووە.

* رۆژی ٢٥-٥-٢٠٠٧ ژنێک بەناوی (ش،ب) لەچەمچیماڵ خۆی سوتاندو کۆچی دوایی کرد. شایانی باسە نابراو لەگەڵ هاوسەرەکەی یەکتریان زۆر خۆش ویستووە بەڵام لەرقی باپیرەی کەزۆر جاران دەی شکاندەوە کەگوایە ئافرەتێکی سست و تەمەڵە بۆ ئیشی ناوماڵ، تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ بووەو خۆی سووتاندووە.

*رۆژی یەک شەممە ٢٧-٥-٢٠٠٧ بەهۆی بەشرهاتنی شوانێک لەسەر پەرێزی پێاوێک کەناوی (م،آ،ک) خەڵکی گوندی عەلی مەنسورە، شوانەکە تەقە لەناوبراو دەکاو خۆی لەوێ دەکوژێ و خێزانەکەی و کچەکەشی بریندار دەکات، ئەوەی کەسەیرە ئەم جۆرە ڕوداوانە لەو دەڤەرە زیادی کردووەو تائێستاش بەراستی چارەیەکی بنەرەتی بۆ دانەنراوە.

* خوێندکار (تریفە فەریق) کە پۆلی شەشەمی ئامادەیی وێژەیی (ئامادەیی هەلۆ)یە لەچەمچەماڵ ساڵی پار داخڵ کرابوو، بەڵام خۆی هێڵابووەوە، ئەم ساڵ داخڵیان نەکرد بۆ تاقیکردنەوە گشتیەکان. بۆیە لەداخاندا رۆژی ٢٧-٥-٢٠٠٧ ئاگر لەخۆی بەردەداو لەئاکامدا گیان لەدەست دەدات.

*کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی رۆژی ٢٧-٥-٢٠٠٧ لەنزیک چەمچەماڵ ئاگر بەربووله پارچە دەغڵێکی گەورە نزیک گۆرستانی شێخ سەعید. خەڵکی نزیکی ئەو شوێنە بەپەلە خۆیان گەیاندە ئاگرەکەو دوای هەوڵێکی زۆر کوژاندیانەوە، ئەوەی کەسەیر بێت دوای کوژانەوە ئۆتۆمبیلی ئاگر کوژێنەوەکە گەیشتە ئەوێ و ئامادەنەبوون کە هەندێ ئاو بپرژێننە شوێنی ئاگرەکە نەبادەڵا پشکۆی تیامابێ، پۆلیسەکە دەیووت: ناتوانین ئاوەکە خەسار بکەین چوونکە بۆمان ئرناکەنەوە.

*ئێوارەی رۆژی ٣٠-٥-٢٠٠٧ کاتژمێر هەشت لەگەرەکی (خەزار)ی شاری کەرکوک وڵاتی (م،ع) و کورەکەی دەسرێژیان لێ دەکرێ و هەر لەوێ دەکوژرێن. ناوبراو کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە لەهەولێرو کاری تایبەتی هەبووە لەو گەرەکە. شایانی باسە ماوەی هەفتەیهکە بەشێک لەتورکمانەکان و بەشێک لەعەرەبەکانی دانیشتووی کەکوک مەفرەزەی کوشتنیان پێک هێناوەو بەنهێنی خەڵک دەکوژن و دەچنە سەر دوکان و ماڵان